سوپای ئیسرائیل کوژرانی سێ سەربازی دیکەی لە غەزە ڕاگەیاند



سوپای ئیسرائیل کوژرانی سێ سەربازی دیکەی لە شەڕ و پێکدادانەکانی کەرتی غەزەدا ڕاگەیاند کە دووانیان ئەفسەرن، لەگەڵ برینداربوونی سێ سەربازیی دیکە بە سەختی.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا سوپای ئیسرائیل ئاماری نوێی زیانەکانی لە غەزە بڵاوکردەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوە کراوە کە لە شەڕ و پێکدادانەکانی کەرتی غەزەدا سێ سەربازی دیکەمان کوژراون کە دووانیان ئەفسەرن، سێ سەربازیش بە سەختی برینداربوون.

بەمەش ژمارەی کوژراوانی ئیسرائیل گەیشتووەتە ٥٠١ سەرباز، لەوانەش ١٦٧یان لە شەڕ و پێکدادانە زەمینییەکاندا کوژراون